# کوردودەرەنجامی سەختی هەڵبژاردن!؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

هەمومان چاوەروانی دەرەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە ئەکەین کە لە عێراق و کوردستاندا ئەنجامدرا، بەدەر لەو قسەیەی کە ئەوترێت لە پشتەوە هەندێ دەرەنجام بۆ هەندێك باڵی سیاسی رادیکاڵ کە ئەمریکیەکان پشتگیری ئەکەن یەکلایی بۆتەوە، بەتایبەتی ئەو رەوتە سیاسیەی کە ئەمریکیەکان رەنگرێژی ئەکەن، لێ بۆ کورد تاکە خەون خەونی دەستورێکی دڵخوازو ژیاندۆستە کە سەرجەم مافەکانی تیادا بەدەست بهێنێت و رەنگە خەونی سەرجەم شۆرش و قوربانیەکانیشمان بێت، بەڵام ئەم دەستورە کە پەرلەمانی داهاتوو بە کۆی دەنگ رەنگرێژی ئەکات رێگەیەکی گەلێك سەخت و پر مەترسیە و زەحمەتی زۆری تێدایە وئایا ئەو وێسگەیە ئەمانپەرێنێتەوە بۆکەنارو بەندەرێکی ئارام؟ بە تایبەت بۆ ئەو کاندیدە کوردانەی کە دائەنیشن لە سەر ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە هەریەکێکیان نوێنەری زیاد لە سی هەزار دەنگدەری کوردن و هەر خەمساردیەك لەو پۆستەدا خەمساردییە بۆ دەستوریزەکردنی مافەکانی کورد لە بەغداد، ئەگەرچی هەڵەیەکی زەقە گەر وابزانین یان حسابی بکەین کە کورسیەکانی پەرلەمان وەزیفەو پۆست بن چونکە ئەبێت بزانین ئەو کورسیانە پێش هەرشت ئەرك و لێپرسراوێتی مێژوویین و ناکرێت بۆ ساتێکیش پشتگوێیان بخەین و چاوەروانی چنینەوەی ئیمتیازات بین لێی، بەواتایەکی تر ئەبێت ئەو کولتورە سەقەتەی رابردوو تێپەرێنین کە خوێنی ئەرژاند بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی شەخسی و پۆستێکی کەمخوێن، لێرەوە سەبارەت بەو شەوق و کۆدەنگیەی کە لە شەقامی کوردی لە ناوەو دەرەوەی کوردستاندا دروست بوو بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پەرلەمانی بەغداد کە ژمارەکەی سەدوسی بوو دەبێت بپرسین  زەمانەتی سەدوسی و کۆی دەنگەکان چییە تا ئەو دەستورەی کە زۆرینە دای ئەنێت و ناسیۆنالیزمی عەرەب کاریگەرە بەسەریەوە خەونە دەستوری و دەوڵەتیەکانی کورد دابین بکات و ئەم هەرێمە بەفیعلی بکاتە فیدراڵ ؟ یان ئەو میکانیزمانە ئەبێت چی بن تاوەکو دارشتنەوەودانانی دەستور بەپێی یاسایەکی تایبەت و شەفاف بێت تا رێگە بگیرێت لە دزەکردنی فەردانیەتی مەزهەبی و نەتەوەیی وفێڵ و جادوەکانی سیاسەت بۆیە ئەبێت لە مانای ئەو عەشق و کۆدەنگیە میللیە تێبگەین کە هەیە بۆ ژمارەیەك بەناوی 130 کە بریتیە لە و دەزگا مۆدێرن و پارلەمانیەی کە هەموو رەنگ و دەنگەکانی عێراق لە خۆ ئەگرێ و بریارە دەستورێکیش گەڵاڵەبکات تا هەموو وەك یەك لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی گەشەسەندودا بژین، بەڵام ئەو دروشمەی کە حیزبەکان پێش چەند رۆژێك کردبویانە مانشێتی پروپاگەندەکانیان  تادەنگی زیاتر ببەخشین بە سەدوسی کورسی پەرلەمانتاری کورد زیاد ئەکات و زەمانەتی دەستوریشمان زیاتر ئەبێت، ئایا رستەیەکی پروپاگەندەییەو لەو نوقتەیەی ئەخیردا کۆتایی دێ و تەواو؟ یان لە پشتی ئەو رستەیەوە ترس هەیە ترسی موفاجەئات و بنکۆڵکردنی دەستورو بنەمارێژکردن بەپێی میزاجی زۆرینە، بەپێی فتوای دینی و مەزهەبی و بەپێی بەلانسی هێزە نێودەوڵەتیەکان و کاریگەری کۆشکی سپی بەسەر تەواوی سیاسەتی جیهانیەوە، دەشێت ئەو رستەیە لەگەڵ جوانیەکەیدا هەڵگری دەلالەتی ئیشکالئامێزی خۆشی بێت تا ئەو سنورەی کە هەر ئەوە بەس نیە ئێمە لە پەرلەمانی عێراقیدا هەین و پاڵی لێدەینەوە وەك دیوەخان و ئیتر گوتاری خۆشنودیی بەرهەم بهێنین بێئەوەی ترسەکانمان رەواندبێتەوە و زەمانی دەستورێکی کوردستانیمان کردبێت، یان لە کوردستان بیکەینە شای و لۆغان بۆ سەرکەوتنە لۆکاڵی و ناوچەییەکانی حیزبی کوردی وەك لەم رۆژانەداو پاش هەڵبژاردن ئەیبینین،کە ئەوەندەی نەغمەیەکی حیزبی و تەنەفوسێکی پەنگ خواردوی ئایدۆلۆژییە ئەوەندە نەغمەیەکی سیستماتیك نییە بۆ شەری دەستور کە لە پێشمانەو ئەبێت بیکەین بەڵکو دەبێت زیاد لە ماناو تێگەشتنێك بخەینە پشت ئەو دێرەو دوای بەخشینی دەنگەکانمان ئەو پرسیارە بکەین کە کورد تا چەند ئەتوانێت شەری دەستوری بکات و خۆراگرە لە بەردەم ئینکاریەکانی عەرەبدا ؟  ئینکاریەك ریشك و ریشاڵی ئەوەتانێ لە نیمچە دورگەی عەرەب و تا پرۆسەکانی تەعریب لە کوردستان درێژ بۆتەوە، بە بروای من ئەبێت لە پشت سەدوسیەوە دنیایەك ئیش بکەین و بەمانا سۆسیۆسیاسیەکەی ئیتر سیاسەت بکەین و پشتوێنی لێنەکەینەوەوسیحری ژمارەی کورسیەکان دەستورە هەمیشەیەکەمان لە کیس بدات، چونکە ئەوەش ئەزانین کە دەنگ و لیستی کورد لەم هەڵبژاردنەدا تارادەیەك دسپلین و رێك و پێك بوو، بەڵام ئەو رێك و پێکیە جەماوەری حەماسدیدە وەك گوتارێك بەخشی و ئەیبەخشێت و ئەوەی کە دەمێنێت ئەو نوێنەرانەن کە هەڵدەبژێردرێن تا چ رادەیەك دەتوانن حەماسدیدەیی ولێبران و عەقلی خۆیان بە خەرج بدەن و شەری دبلۆماسی بکەن تا بەراستی خەونی دەستورێکی باش یاوەرمان بێت و ئەو هەموو دەنگەمان بەفیرۆ نەچێت.